# سەرلەنوێ ئاوێتەکردنەوەی جیهان

## ئایا بیرۆکەی فرەڕەنگیی دیموکراسی مانایەکی هەیە؟

ئالان تۆرین

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: کامیل قەرەداغی



گرفتەکانی دیموکراسی لە یەك کاتدا گشتین و ڕۆژانەشن، نەخێر بگرە دەتوانین بڵێین پراکتیکیشن. مەترسییەك کە پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە ئەوەیە، کە لەو کاتەدا کە پێویستە ئێمە ڕوانینێکی فراوانترمان هەبێت واقعی ڕۆژانە خۆمانمان لێوون بکات. هەروەها ئەو گرفتانەش دەبێ بە جدی ڕووبەڕوویان ببینەوە، بۆئەوەی توانایەکی هزری بخەینەگەڕ و لە لێکۆڵینەوەی کارە سیاسییەکانەوە بچینە سەر لێکۆڵینەوەی خودی سیاسەت. واتە پاشتر لە بیرۆکەی دیموکراسی ڕابمێنین لە بەر ئەوەی ئەو بیرۆکەیەیە کە پیادەکردنی دیموکراسیەت کۆنترۆڵدەکات.

خەڵکانێك هەن دەڵێن: بڕوانن ئەوەتا دیموکراسیەت لە هەموو شوێنێك سەردەکەوێت. ئەوەتا سیستەمە سەرکوتکارەکانی ئەورووپای کۆمەنستی هەرەسیان هێنا و لە نیوەی باشوری کیشوەری ئەمریکای لاتینیشدا هەر ڕووخان. ئەمەش لە بەر ئەوەی کە جۆرێك جووڵەی سروشتیی مەسەلەکان لە ئارادایە. (فرەنسیس فۆکۆیاما)کە یەکێکی ئەو پیاوانەیە بەمشێوەیە قسەیان کردووە، بیری بۆ جۆرێك لە جووڵەی سروشتیی شتەکان چووە کە لەیەك کاتدا دەمانگەیەنێت بە ئابوریی بازاڕو دیموکراسی و لێبوردن.

ئەمە وتنێکە هەرگیز هیچ کامی بیریارە سیاسەتمەدارە گەورەکان (نە ستێوارت میل و نە تۆکفیل و نە ڕۆسۆ و نە لۆك)پشتیوانییان لێنەکردووە. لایەکی زۆری تریش هەن دەڵێن دیموکراسییەکەمان هیچ مانایەکی تێدانییە، خەڵك گوێی پێنادەن. چێوەی دەوڵەتی نەتەوەییش کە ئەو چێوەیەیە دامەزراوە دیموکراسییەکان لەناویدا پەرەیان سەندووە و وەك شتێکی تەجاوەزکار دێتە بەرچاو. کەواتە ئایا ئێمە لەناو ئەم مشتومڕەدا بەلای کام لەم دوو توێژەدا بشکێینەوە؟

ئەوە داوا لە ئێمە نەکراوە کە هەر بەسادەیی بڵێین: قەیرانێکی سیاسی، یان قەیرانێکی بەشداریکردن، یان قەیرانێکی نوێنەرایەتی لەئارادایە. چونکە ئێمە لەناو قەیرانێکی زۆر بنەڕەتیتردا دەژین. لەبەرئەوەی بەدرێژایی چەندان سەدە ئێمە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا ژیاوین کە ڕۆشنبیرییەکەی ئێمە گروپێکی پێکەوەگرێدراوی سێ ڕەگەزی پێکدەهێنێت کە ئەو سێ ڕەگەزە بەشێوەیەکی پتەو پێکەوەگرێدراون. ڕەگەزی یەکەم بریتییە لە ئاشکراکردنی یاساکانی سروشت لەڕێگای ئاوەزی زانستییەوە، کە ئەمەیان ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەیە کە چاخی ڕێنیسانس پێشکەشی کردووە. ڕەگەزی دووەم بیرۆکەی ئەوەیە کە پێویستە کۆمەڵگە ملکەچ نەکات بۆ حوکمی نەریت و ئیمتیازپێدان و نایەکسانی، بەڵکو بەناوی ئاوەز و سەروەریی میللییەوە مل بۆ حوکمی یاسا بدات. دوواشتیش بیرۆکەی ئەوە هەیە کە پێویستە تاك مل کەچ نەکات بۆ حوکمی دەستەڵاتە ئاکاری و ئاینی و خێزانییەکان و بەڵکو دەبێت (وەك ئەوەی کە دیکارت بە شازادە ئەلیزابیس دەڵێت) مل بە حوکمی ئەو ئاوەزە بدات کە پێویستە بەسەر هەڵچوونەکاندا زاڵ ببێت. کەواتە ئیتر کە بیرۆکەی جیهانێکی یەکگرتوو باو بوو، ئیتر تاك و کۆمەڵگە و جیهان گونجاون و ئەو بیرۆکەیەشمان هەبوو کە پێویستە کۆمەڵگە لە یەك کاتدا بەکاری ئاوەزی زانستی جیهانی یاسا و جیهانی پەرەسەندن بێت.

بەڵام ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ئەوەوە دەبینین جیهانی ئاوەز (کە ئێستا بووە بە ئاوەزێکی ئامرزای) لە جیهانی شتەکان و تەکنیك و بازاڕ و سیستەمەکانی ئاڵوگۆڕ و هێماو زانیارییەکان جیابۆتەوە.

سەرباری ئەوەش لەلایەکی ترەوە لە جیهانی تاکەکەسیش جیابۆتەوە، کەلەوانەیە یەك تاکەکەس بگرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەر بە تەنها ئەویش ناگرێتەوە، لەبەرئەوەی لەم جیهانە بەردەوام بزۆکەدا تاکە کەسەکەش هەوڵدەدات خۆی بە ناسنامەکەی بسپێرێت، واتە خۆی بە کۆمەڵگەکەی و ڕەگەکانی و نەریتەکانی و نەتەوە و ڕەگەز و و هەروەها ئاینەکەشی دەسپێرێت، کە هەموو ئەمانەش کۆمەڵە ناسنامەیەکن ئێمە وای بۆدەچوین ووردەووردە لەگەڵ ئاوەزی نوێدا لەناودەچن، بەڵام دەبینین جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە و لەسەر ئاسۆی جیهانی هاوچەرخەوە دەردەکەون.

جیهانەکەی ئێمە جیهانی (سی.ئێن. ئێن)ە و لە هەمانکاتدا جیهانی (ئایەتوولا)شە. جیهانی نەووت و جیهانی خۆجێیەتییە. زانایانی دەوروبەرناسی دەڵێن: بالەسەر ئاستێکی بەرفراوان بیربکەینەوە و لەسەر ئاستی خۆجێیی کاربکەین. بەڵام بەرفراوانی و خۆجێیی پەیوەندییەکیان

بەیەکەوە نییە و لەنێوانی ئەم دوو جیهانەدا، واتە لەنێوانی جیهانی شتەکان و وێنای بابەتییانەو جیهانی خۆیی و هۆشی خود و ناسنامە، کە ئەمە بۆخۆی جیهانی کۆمەڵە و هەروەها جیهانی ژیانی سێکسی و خەیاڵیشە، لەنێوانیاندا، واتە لەنێوانی ئەم دوو جیهانەدا ، جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوە، لە کونێکی ڕەش بەولاوە چیدیکە نییە، ئەو کونە ڕەشە کۆمەڵگە و سیاسەتیشی قووتداوە. ئێستا میانکارییەك لەنێوانی جیهانی دووانەیی و جیهانی خۆییدا نەماوەتەوە. ئێمەش پتر ژیانێکی دووفاقی دەژین. لەڕاستیدا ئێستا عاقڵترینی خەڵکەکان ئەوانەن کە تەنها دوو ژیانیان هەیە، کەچی کەسانێکی تر هەن ژیانگەلێکی زۆریان هەیە. ئێستا ژیانی گشتی، واتە ژیانی کۆمەڵایەتی (پرەنسیپی یەکێتی) دابین ناکات. کەواتە ئەو شتەی کە ئێستا بابەتی مشتومڕ پێکدەهێنێت بوونی سیاسەت و جیاکردنەوەو شێوازەکانیەتی.

لایەنێکی تایبەتی ئەم مشتومڕە ئەوشتەیە کە پێیدەوترێت (قەیرانی دەوڵەتی نەتەوە). ئەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی چیبووە؟


فرانسیس فۆکۆ یاما

ئێستا دەستوری ئەمریکی و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و دروشمی"ئازادی.یەکسانی. برایەتی" بەیادی خۆتان بهێننەوە. (نەتەوە) مانای (گەل)ی نەداوە.بەڵکو بەتەواوی بە پێچەوانەوە! نەتەوە مانای سەروەریی گەلی گەیاندووە لەڕەوتی کارکردندا، هەروەها مانای ئەو خەڵکەشی گەیاندووە کە هاولاتیین، واتە کۆبوونەوەی هاولاتییەکان، ئەوانەی کە یاساکان دادەنێن، ئارەزومە پێشیان بڵێم :دامەزرێنەرەکان:ئەوانەی کە لەیەك کاتدا تاکەکەسن و پایەکانی ئیرادەی گشتییشن.

بەڵام ئەمڕۆ لەهەموو شوێنێك ووشەی :نەتەوە: بەمانایەکی پێچەوانەی مانا ڕابووردووەکەی وەردەگیرێت.ئەمەیان سەر بە ئەو وێنا (فەرەنسی-ئەمریکی)یە نییە، بەڵکو زۆرجار بەشێوەیەکی نیمچە هەڵەش وا باسدەکرێ کە سەر بە وێنایەکی ئەڵمانی بێت.

چونکە (گەل کە بە ئەڵمانی پێدەترێت"Das Volk" و بە ڕوسییش پێیدەوترێت"Narod") بەپێی ئەوەی کە ئەڵمانەکان دیاریی دەکەن، دەکاتە یەکێتیی چارەنوس و کەلتور و مێژوو و زمان، واتە گەل شتێکە وەك ئەوەی فەرەنسیەکانی شۆڕش دەیڵێن پێیانەدەرێت، دروستی ناکەن. ئەوەش دەزانن کە وشەی (گەل) بکرێت بە ئاوەڵناو دەبێت بە (گەلی) ئەمەش ئەو وشەیەیە کە (نازییەکان) بۆ ناساندنی خۆیان بەکاریاندەهێنا.

کەواتە ئێمە لەلایەك لەجیهانی تەکنیك و زانستە پراکتیکییەکان و زاڵیی تەکنەلۆژیادا...هتد دەژین، لەلایەکی دیکەشەوە لە جیهانێکی (گەلی)دا. لەنێوانی ئەم دووانەشدا لەسەر ئاستی جیهانی شەڕێکی ناوخۆی شاردراوە هەیە. یان وەك ئەوەی ئاماژەم پێدا لەسەر ئاستی ئەو تاك و کۆمەڵگایانەدا کە لەنێوانی (تایبەتی و گشتی)دا دابەش بوون جۆرێك لە بروابەخۆنەبوون هەیە. ئەمجا ڕامان لە مەسەلەی دیموکراسی بەپلەی یەکەم دەکاتە ڕامان لە بابەتی سیاسەت. ئیتر چۆن دەکرێت لەنێوانی جیهانی ئابوری و جیهانەکانی کەلتورەکاندا چەند میانکارییەکی سیاسی و کۆمەلایەتی دابهێنین، یان سەرلەنوێ دابهێنینەوە؟

وێنەی دیموکراسییە کلاسیکییەکە بریتییە لە(حوکمی گەل لەپێناوی گەلدا و لەلایەنی گەلەوە) کە ئەمە شێوازێکە(لینکۆڵن)لە گوتارێکی خۆیدا لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی جیاخوازیی ئەمریکادا وتوویەتی.ئەوکاتەی کە حکومەتی(هەمووان) ڕووبەڕووی حکومەتی (هەندێك)یان حکومەتی تاکەکەسێك دەبۆوە. بەلام ناکرێ دیموکراسی حوکمی جەماوەربێت، واتە حوکمی زۆرینەبێت.چونکە هیتلەریش لەلایەن زۆرینەوە هەڵبژێردرا و لە(پراگ)یش سیستمی کۆمەنستی لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئاشتیانەی گشتییەوە هاتەسەرکار.هەروەها دەشکرێ بڵێین کە (ستالین)مرد زۆرینەی ئەو گەلەی حەسرەتبارکرد کە لە شەقامەکاندا بۆی دەگریان.

دیموکراسیزم ئا لەو چرکەساتەوە دەست پێدەکات کە تێیدا بەکردەوە دەمانەوێت پرەنسیپی مافێکی گشتگیر پیادە بکەین، واتە بۆ نمونە کە دەمانەوێت ئازادی، یان یەکسانی، یان دادپەروەری، یان هاوکاری پیادە بکەین. مەسەلەیەك کە لەسەر ئەم پرەنسیپە ڕادەوەستێت مەسەلەی سەروەریی گەلە.پێویستە هەمومان لەسەر ئەو خاڵی دەستپێکە ڕێك بین کە سەرباری ئەوەی خەڵك لە واقعدا یەکسان نین، سیستمێکی تر هەیە کە لەبواری بەرژەوەندی و

ڕاوبۆچوونەکاندا لە سیستمی کۆمەڵایەتی باڵاترە، و ئەویش سیستمی سیاسییە و بەناوی حەق و بەناوی پرەنسیپی گشتگیرییەوە چەندان پرۆسە بەناوی ئەوەوە ئەنجام دەدرێ.

هەمومان لەو سیستمانە دەترسین کە حوکمی جەماوەر دەکەن. هەروەها لە خۆپیشاندانەگەورەکانی ناو شەقامەکان و لە کەژاوەی بەردەمی سەکۆ ڕەسمییەکانیش دەترسین. ئەگەر پرەنسیپی سنورداركردنی دەسەڵات لەئارادانەبێت، هیچ دیموکراسییەك لەئارادانابێت. بەڕاستی ئەمە سەرەتای هەر بیرکردنەوەیەکە لە بابەتی دیموکراسی، هەروەها ئەمە بابەتەبنەڕەتییەکەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیشە. بەڵام ئەم وێناکردنە بۆ دیموکراسی واتە ئەوەی کە گرێدراوە بە جاڕنامەی فەرەنسیی مافەکانی مرۆڤ و دەستوری ئەمریکا و تەنانەت بەو پرۆژەی یاسا ئینگلیزییانەی مافیشەوە کە لەساڵی(١٦٨٩)دا دەرچووە، بۆ کۆمەڵگەیەك شیاووبوە کە نیمچە مەییو بووە. واتە کۆمەڵگەیەك کە دەستەڵاتێکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و کۆمەڵە هاوسەنگییەکی بڕێك ساز و جێگیری هەبووە. ئالەم جیهانەدا کە لەیەك کاتدا کامڵ و پەرت بووە و بەشێوەی هەموو کۆمەڵگە نەریتییەکان پلەبەندیشە، دیموکراسیزم پایەی نمونەی باڵای یەکسانیی وەرگرتووە، بەربەستەکان دەشکێنێت و دەرگا و پەنجەرەکانیش دەکاتەوە.بەڵام ئێستا لەم جیهانەدا نەماوین و جیهانەکەشمان وەك جیهانی گوندەکان نەماوە.

ئەوانەی کە لە پەروەردەکردنی ئێمە بەرپرسیارن بریتی نین دەرەبەگ و کاهینی هۆز و باپیرەمان، بەڵکو بریتین لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن ویاریی ڤیدیۆیی و زانستەکان.

ئێستا لەتوانامانداا نەماوە لە وەستانی دژی ئەو جیهانەی کە تادێ لە نەریتەکان نامۆتردەبێ پشت بە تێزی گەردوونی ببەستین. لەبەر ئەوەی ئێمە لە جیهانێکی پیشەسازی و بازرگانی و زانیاریی و میدیاییدا دەژین. لەبەر ئەوە ئەو پرسیارەی لێرەدا دەوروژێت ئەمەیە: دەبێ بانگەشەکردن بۆ پرەنسیپێکی گەردوونی لە جیهانێکی بزۆکدا چ فۆرمێك وەربگرێت؟ من ئەو واقعە باش تێدەگەم کە ئەوە پشت بەستن بەپرەنسیپی گشتگیرییە هەڵی جیابوونەوەی لە جیهانە داخراو و نەریتییەکەی دابونەریت و ڕاستییە چەسپیوەکان ڕەخساندووە. بەڵام کاتێك کە جیهان دەجوڵێت و دەبێت بە پیشەسازی چارەنوسی ئەمە چیی لێدێت؟ وەڵامی بەڵگەدار ئەوەیە کە ئێمە لە مافەکانی مرۆڤەوە بەرەو مافە کۆمەڵایەتییەکان چووین.

باس لە مافی کارکردن و مافی خێزان پێکەوەنان کراوە، ئەمەش ئەو چێوەیەیە کە تیایدا هەندێك دەیانەوێت بێکاری بەمەسەلەیەکی نایاسایی دابنرێت.

چەندان کۆبوونەوە و سەندیکای کرێکاری وتوویانە:- پرەنسیپی ئازادی و یەکسانی و برایەتی زۆرباشن، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرنگە بریتییە لە مافی کرێکار لە دەستوەردانە ناو بواری هەلومەرجەکانی دیاریکردنی مەرجەکانی دامەزران و کارو کرێیەوە. ئەمەیان مەسەلەیێکی هەستی ترە. ئەو مافانەش کە داوادەکرێن مافگەلێکی گشتگیری نیین، بەڵکو مافگەلێکی تایبەتن بەکاری کەسانێکەوە کە کۆبوونەوەیان بەهۆی ڕەوشە مرۆییەکەیانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی پەیوەندیی کارەوەیە، واتە کۆمەڵە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنانەوە.

هەر بەهەمان ئەم شێوەیە کەسانێکی دیکە وتویانە:- ئەی فەرەنسییەکان ئەوە ئێوەن باستان لە ئازادی و یەکسانی و برایەتی کردووە، بەڵام من خودی خۆم (جەزائیریم، یان ڤێتنامیم ، یان سەنیگالیم، یان گینیاییم) و ملکەچی ئیستیعمارییەکەی ئێوەم. لەبەرئەوە منیش وەك نەتەوەیەك پرۆژەکانی خۆم لەسەر پرۆژەکانی ئێوە کۆپی دەکەم و داوادەکەم گەلان ئازادبن لە بڕیاردانی چارەنوسیاندا.

کەواتە ئەوشتەش کە لەم چێوەیەدا داوادەکرێت بۆخۆی مافێکی گشتگیرییە، بەڵام داوای گەلانێکیشە کە دەیانەوێت بەپێی واقعە تایبەتییەکانی خۆیان ددانیان پێدابنرێت. چونکە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەدا کە وەك مرۆڤ ددان مرۆڤدابنرێت، بۆئەوەی کە بووترێت هەموو خەڵك بە ئازادی و یەکسانی لە دایکدەبن.

نەخێر هەر یەکەی ئەوانە دەیەوێ وەك (عەرەب، یان جەزائیری، یان موسڵمان، یان هۆزایەتی) ددانی پێدابنرێت. دواجار ڕەوتێکی سێیەمی گرنگی دیموکراسی هەیە، کە ئەویش ڕەوتی ژنانە. واتە ئەو ژنانەی کە وایان داناوە ئەوە کارێکی ناڕەوایە کە پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی تەنها لەسەر ڕێژەی(٥٠٪)ی خەڵکە کامڵەکە نەبێت پیادەنەبن.ئەوەی کە زیاتر داواکانی ژنانی بەرەو ڕاستی بردووە ئەوەیە کە بیرۆکەی دەنگدانی گشتی لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیەوە هاتووە کە (پیاو) بوونەوەرێکی گشتگیری و

ئاوەزکارە و پێویستە لە پایەیەکدابێت کە جیاوازبێت لەپایەی (ژن) کە وەك ئەوەی لەم دوواییانەدا (رۆنساڤالۆن) لە کتێبێکیدا لەسەر (دەنگدانی گشتی) دەڵێت (ژن نە گشتگیرییە و نە ئاوەزکاریشە!)

ئەوە کاری رێکەوت نییە کە ئەو وڵاتە ئەوروپییەی یەکەم پرۆسەی دەنگدادنی گشتیی لەساڵی (١٨٤٨)دا ئەنجامداوە(واتە فەرەنسە) (٩٧)ساڵ چاوەڕوانی کردووە ئەمجا مافی دەنگدانی داوە بە ژنان, خۆ لەوانەبوو کاتێکی لەوەش زیاتر چاوەڕوانی بکردایە, ئەگەر لەلایەن حکومەتەکاتییەکەوە, کە لە جەزائیر بوو مەرسومێك بۆ ئەو مەبەستە دەرنەچووبایە !

ژنان دەڵێن بەڵێ ئێمە مافەکانی هاوڵاتیبوونمان دەوێت, کە ئەوەش مافێکی گشتگیرییە. بەڵام من دەمەوێت لەڕووی تایبەتمەندێتییەکەیانەوە دان بە ژناندا بنرێت (بزوتنەوەی کرێکاری) یەکەم لایەن بووە کە باسی لەم بابەتەکردووە, ئەگەرچی یەکێك لە یەکەمین یاساکان کە لای ئەوان دەنگی لەسەردرا قەدەغەکردنی کارکردنی شەوانی ژنان بوو. بەمشێوەیە ژنان بۆ بەرەڤانیکردن لە بەرژەوەندییەتایبەتییەکانیان, بۆنمونە (وەك مۆڵەتی دایکایەتی) داوایان کرد هەموو مافە سیاسییەیاسایی و گشتگیرییەکانیان بەدەستبهێنن.

ئێستا دەتوانن لە هەر سێ بارەکەدا: واتە لەباری گرفتی چینە کۆمەڵایەتییەکان و گرفتی نەتەوە و گرفتی ڕەگەزدا (بەمانای نێر و مێ) وەك کە مێژووی کۆمەڵایەتیی دووایین سەدوپەنجاساڵی ڕابووردوو پیشانمان دەدات تێبینیی ئەوە بکەن کە ئەوەی پێویستە ئەوەیە لەپێداگرتن لەسەر شتە گشتگیرییەکانی وەك(مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و مافە سروشتییەکانەوە) بەرەو ڕوانینێکی گرێچن تر بچین کە هەوڵ بدات مافەگشتگیرییەکان لەسەر ئاستی توێژەکان و بارودۆخ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان بەرجەستە بکات.

بائێستا داڕشتنێکی فراوانتر بدەین بەم وەرچەرخانانە. ئێمە لەو بڕوایەدا نیین کە هێندە بەس بێت کە ئێمە باس لە مافە بنچینەییەکان بکەین, هەروەها بڕواشمان وانییە کە باشترین ڕێگە بۆ پارێزگاریکردن لە مافە بنچینەییەکان بریتی بێت لە پشتبەستن بە جیهانێکی سیاسیی باڵاتر لە جیهانی کۆمەڵایەتی.

ڕاستە هێشتا زۆر ئاوەز هەن پشتگیری لەم وێنە ئەرستۆتالیسییە دەکەن. لەم ڕووەوە لەناو ئەو پشتگیریکارانەدا ئێمە یەکەم کەس بیر لە (هانە ئەرنێدت) دەکەینەوە, بەڵام ئێمە ئەمرۆ دوودڵین لەوەی کە ملی ئەو ڕێگەیەش بگرین, چونکە دەمانەوێت ئەو ئازادییە بنچینەییانە لەناو بواری کار و لەپەیوەندییەکانی نێوانی ژن و پیاو و پەیوەندیی نێوانی نەتەوەکاندا بەرجەستە ببێت. نەخێر بگرە دەگەمە ئەوەی بڵێم کە ئێمە هەموو ئارەزو دەکەین بڵێین: ئەوە گومانی تێدانییە ئەوەیە دیموکراسی یاسای زۆرینەیە, بەڵام ڕێزگرتنی کەمینەکانیشە.


ئەبراهام لینکۆڵن

ئەم ڕستەیە بەسە بۆ گوزارەکردن لەسەر ئەو کودەتایەی کە لەلای خۆمان بەسەر چەمکی دیموکراسیدا هاتووە.

کرۆکی بیرکردنەوەی سیاسی بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی نێوانی(پشتبەستن بە گشتگیری و پشتبەستن بە مافەکانی مرۆڤ ) لەگەڵ ڕێزگرتنی تایبەتمەندییەکاندا.

(جۆن ڕۆڵز) کە ناودارترین فەیلەسوفی سیاسییە, لە دووایین کتێبی خۆیدا کە لەژێر ناونیشانی"لیبراڵیزمی سیاسی"دایە, بەشێوازێکی زۆر ساکار دەڵێت: دیموکراسی لەسەر ئەوە کاردەکات خەڵکانێکی ئینتیما و باردۆخ و بیروباوەڕ جیاواز وا لێبکەیت پێکەوە لە سایەی هەمان یاساگەلدا بژین. ئەم شتەش هەر هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە بەگشتی لە زمانە فەرەنسییەکەماندا بە یەك ووشە پێیدەڵێین (عیلمانیەت) چونکە دیموکراسییەك لەئارادانییە کە عیلمانی نەبێت. یەکەم دەقی عیلمانی و دیارترین و گرنگترینیان لەبواری عیلمانیەتدا بێگومان دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانە, من ئەو دەستورە بە سەرمەشق وەردەگرم,

لەبەرئەوەی ئەمریکییەکانیش کە پێیان خۆش بێت دەتوانن بگەڕێنەوە سەر بەها ئاینییەکانیان.

دەستوری ئەمریکا پرەنسیپی عیلمانیەت و دونیایی دێنێتە پێشێ: چونکە پێویستە دەوڵەت لەگەڵ هیچ دەزگایەك یان بیروباوەڕێك یان قەناعەتێك وەك یەك سەیر نەکرێ، لەبەرئەوە کاتێك کە سیۆکراتەکان دەڵێن پێویستە خەسڵەتی عیلمانیەت لە دەوڵەت جیابکەینەوە و دەبێ دەوڵەت ئیسلامی، یان مەسیحی، یان جوویی، یان بوزی، یان هیندۆسی بێت، ئەوە مانای وایە ئەو دەوڵەتە ناتوانێت دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت.

ئایا چۆن دەکرێت پرەنسیپە گشتگیرەکان و ڕێزگرتنی ئازادیی تاکەکان بەیەکەوە کۆبکەینەوە؟ دوو وەڵامی سەرەکی بۆ ئەم پرسیارە هەیە و هەردووکیشیان ناپەسەندن. جارێ یەکەم جار وەڵامێك هەیە کە بەزۆری پێموایە وەڵامێکی فەرەنسییانەیە، داوادەکات ئیمتیازێك بە گشتگیری بدرێت لە دژی هەرشتێك کە پێچەوانەی گشتگیری بێت، واتە هەرچی تایبەتمەندی هەیە ڕەتبکرێتەوە (بێگومان دەبێ ئێوە لەمڕۆوە ئەو ڕستە بەناوبانگەتان لە یادبێت کە ژمارەیەکی زۆری شۆڕشگێرانی لە نمونەی قەشەگریگوار و کلێرمۆن تونێر لەسەر مەسەلەی جوولەکە وتویانە"با جولەکە وەکو تاك تاك هەمو شتێکیان هەبێت، بەلام وەك کۆمەڵ هیچیان نەبێت") ئەوەش ئەو هەڵوێستەیە کە من دەتوانم ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە گرێچنترینی کێشەکانەوە هەبێت بە تەنها یەك ووشە باسی بکەم، کە ئەو وشەیەش کێشەی"کۆچ"ە. چونکە هەڵوێستی فەرەنسە لەمڕووەوە بۆ چەندان ماوە بەشێوەیە بووە:

با یاساڕێژییەکەمان کراوەبێت و با مافی تاکەکان بپارێزین، بەتێگەیشتنمان سەبارەت بە ڕەگەزنامە فراوان بێت، کەچی هێشتاش چەشەکردن هەر هەیە.

ئەنجومەنی بالای کۆچ نوسراوێکی دەرکردووە کە دەتوانن لە کتێبخانەکاندا بە ئاسانی دەستتان بکەوێت، ناونیشانی ئەو نوسراوە بریتییە لە :تێکەڵبوون لە فەرەنسەیە. کە دەقێکە رووحێکی زۆر لیبرا لانەی هەیە، کەچی تاکرەوانە و کەسێتییانەشە چەمکێك دێنێتەپێشێ کە بۆ ئەمڕۆ بەس نییە، لەبەرئەوە پێویستە وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە:چۆن بتوانین شتە گشتگیر و تایبەتەکان بە یەکەوە کۆبکەینەوە؟

ئەوە مایەی نیگەرانییە کە لە وەڵامدا بووترێت: دەبێ تێکەڵی فەرەنسەببیت، واتە تێکەڵی وڵاتی "مافەکانی مرۆڤ"ببیت. دواییش تۆ چەند بەرەوە گشتگیری گۆڕایت، ئەوندە وابەستەییت بە فەرەنسەوە زیاد دەکات.ئەمەش شتێکە لەگەڵ واقیعدا ڕێك نایەتەوە.

ئێوە باش دەزانن کە ئەمڕۆ جیهان، بەتایبەتیش جیهانی سێیەم و "جیهانی یەکەمیش، واتە جیهانی وڵاتە پیشەسازییەکان" بەلای ئاراستە پێچەوانەکەدا دەخزێت، واتە بە ئاراستەی فرەکەلتوریدا.لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا و بەتایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکان و ناو باشترینی زانکۆکانی ئەوێدا ڕای گشتی و ئاراستەی کەلتوری باون. بەلام بە وتنێکی شیاوی سیاسییانە پێویستە بڵێین کە دەبێ سنورێك بۆ ئەو کەلتووره دابنرێت کە لە دەوری ئەوروپا و کەلتوری نێرینەیی، یان لە دەوری کەلتوری نێرینەیی و "جولەکەیی و فەڵەیی بۆرژوازی " چەقی بەستووە.

خەڵکانێك هەن دەڵێن کەلتورێکی مێینەییش لە ئارادایە و پێویستە لەپاڵ ڕوانینەکانی پیاوانەوە گۆشەنیگای مێژوویی ژنانیش بخرێتەپێشچاو. هەروەها پێویستە لە گۆشەنیگای هیندییەکانیشەوە مێژووی ئەمریکا دوست ببێ ، یان لە گۆشەنیگای ئیستیعمارەکانەوە مێژووی ئەمریکای لاتینیش دروست ببێ.یان مێژوویەك بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر گۆشەنیگای کەسە سێکسواڵەکانەوە دروست ببێت، لەکاتێکدا کە مێژوو بەگشتی خۆی مێژووی ئارەزوکردنی ڕەگەزەکەی ترە. هەروەها دەکرێ مێژووی لاوان و مێژووی بەتەمەنەکانیش بخەینە سەر لیستەکە.

هەروەها مەترسی لەوەشدا هەیە کە هەر گروپەو لە ناو کەلتورەکەی خۆیدا بەند بکەیت و هەرچی گشتگیرییەك هەیە هەڵی بوەشێنیتەوە، بەلام ئەی ئایا ئەوکاتە چۆن دەتوانین بەیەکەوە بژین؟

ڕەنگە ئەو پێکەوەژیانە لەڕێگەی شەڕ و پەلاماردانە خاچپەرستییەکان ، یان جیهاد و ڕەتاندنەوەبێت. بەلام ئەمانە ناکەنە پێکەوەژیانێکی بەردەوامی کۆمەلایەتی. بۆیە ئەگەر پۆستەچییەکە بە عەرەبی وەلامی دایەوە و دراوسێکەشی بە زمانێکی کەنارنشینی ، ئەوا لەوانەیە ئەو ئێرلەندییەی بە بەردەمیاندا تێپەڕدەبێ هەست بە وونبونی خۆی بکات.!! با ئێستا واز لەپێگە پەرگیرەکان بهێنین و لەو

خەڵکە ڕابمێنین کە چارەسەرگەلێکی باشتریان پێشنیارکردووە.

وادێتە بەرچاوم کە ئەوپیاوەی پێشکەوتووترینی پێشنیارەکانی پێشکەشکردووە، ئەو کەسەیە کە بەهۆی پێشنیارەکانیەوە ئێستا گەورەترین بڕی کاریگەریی هزریی لەجیهاندا هەیە ، ئەویش (یۆرگن هابرماس)ە و دەڵێت :گشتگیری لە هەموو گۆڕەپانەکاندا هەیە، واتە لە گۆڕەپانی ئاوەزی زانستی (ڕەخنەی زانستیی پراکتیکیی ئیمانوێل کانت) و لە گۆڕەپانی ستاتیکاییشدا هەیە (ڕەخنەی حوکمی –کانت–) بەهەمان شێوە لە گۆڕەپانی زانستەکانیشدا (ڕەخنەی ئاوەزی پوخت، کە ئەمەشیان دیسان هەر هی کانتە).



سیگمۆند فرۆید

دیموکراسیزم بەپێی پلەی ئەو فرەڕەنگییە دەپێورێت کە یاساکانی هەر کۆمەڵگەیەک بەڕێوەیدەبات. لەسەر یاسا پێویستە کە دان بە مافە بنچینەییەکانی مندا بنێت، واتە لەیەک کاتدا دان بە ئازادیی من و ناسنامەکەمدا بنێت.

لە چەند ساڵی ڕابوردوودا فەیلەسوفێکی قۆناغی (پۆست مۆدێرن) کە ئەویش (جان فرەنسوا لیۆتار)ە، شێوازێکی ڕاگەیاند کە لە دەماودەمی کۆتاییهاتنی ڕۆمانە مێژووییە گەورەکاندا ناوبانگێکی بەرفراوانیان پەیداکرد.

(لیۆتار) ڕاست دەکات: چونکە ئێستا ئەو بڕوایەمان نەماوە کە جیهان ڕۆشتنێکە بەرەو پێشکەوتن، بەرەو لیبراڵیزم، بەرەو سۆشیالیزم، بەرەوکۆمۆنیزم. بەڵام دەبێت شتێك بخەینەسەر قسەکەی، کە بەلای منەوە ئەوشتە گرنگترە: بەڵێ راستە سەردەمی ڕۆمانە مێژووییە گەورەکان کۆتاییهاتووە، بەڵام چووینەتە سەردەمێکەوە، کە هەریەکەو هەوڵدەدات ژیانە تایبەتییەکەی خۆی بکات بە ڕۆمانێك، هەوڵدەدات خۆی هەڵسوکەوت بە زۆرترینی ئەو ڕەگەزانەوە بکات کە هی خۆیین، واتە بە ژیانی خۆیەوە، بۆئەوەی بیکات بە ژیانێکی تاکڕەوانەی وا، کە مۆری پەنجەکانمان چەند جیاوازن، ئەو ژیانەی ئەویش ئەوەندە جیاوازبێت. چونکە هەریەکەمان دەیەوێت ژیانی هەر تەنها ژیانی تایبەتیی خۆی بێت، نەك ژیانی چینە کۆمەڵایەتییەکەی، یان ڕەگەز و زمان و پیشەو هتد.

هەر کەسە و دەیەوێ هەموو ڕەگەزەکانی ژیانی خۆی بکات بە ئاماژەیەك بۆ تاکڕەویی خۆی. وادەزانم ئەوە ئەم شتەیە کە لەم جیهانە هاوچەرخەماندا بەها سەرەکییەکەی ئەمڕۆ پێکدەهێنێت: هەر هەمان ئەو شتەشە کە زۆرجار دەروونناسە ئەمریکییەکان ئاماژەیان بە گرنگیی "ڕێز لەخودگرتن"داوە، باسیانکردووە. من نیازمە ئێستا ووشەیەکی مەترسیدار بەکاربهێنم، بەڵام لەو بەکارهێنانەدا پشت بە دەقێکی ناوداری "سیگمۆند فرۆید" دەبەستم کە لەسەر نەرسیزمییە (النرجسیە)، ئەو ووشەیەش کە من مەبەستمە بریتییە لە"نەرسیزمیی ناوەندی"بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەم زاراوەیە مانایەکی نێگەتیڤیی وەرگرتووە، با بە سادەیی بڵێین"خود خۆشەویستی" چونکە بەڕای من ئەمڕۆ "خودخۆشەویستی" گەورەترین خواستی کەلتوورییە. دیارە بەمانا خۆپەرستییەکەی نا،هەروەها بەو مانایەش نا کە مرۆڤ لە بۆتەیەکدا داخراوبێ، بەڵکو بەمانا کارابییەکەی، واتە ئارەزووی هەر تاکێك بۆئەوەی کە کارابێت، بۆئەوەی کە لایەنێك بێت. دیموکراسیزمییش کۆبوونەوەی ئەو هەلومەرجە دامەزراوەییانەیە کە هەلێکی باشتر دەخاتە بەردەستی تاکەکان بۆئەوەی کارابن. چونکە ئێمە ئێستا ناڵێین پێویستە ئێمە قوربانی بە تاکەکان بدەین لەپێناوی کۆمەڵگە و نەتەوە و خوا و زانست و ئاوەز و مێژوو و سیستمی جیهاندا، بەڵکو ئێمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بیر لەوە دەکەینەوە کە پێویستە هەموو کۆمەڵگە و شتە کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکان ئامرازگەلێك بن لە ڕاژەی تاکێتیی تاکەکاندا، یان بەمانایەکی قووڵتر، لەڕاژەی وەرچەرخانی بەرەو خۆیەتیدا.

"میشێل فۆکۆ" مەترسیی ئەوەی لەم مەسەلەیەدا دەبینی کە تاکەکەسەکان وابەستەی میر و ڕژێمەکان ببنەوە، دیارە ئەم مەترسییەش زۆر واقعییانەیە. بەڵام ئەم جیهانەمان ڕوپاگەندەو جاڕدان و فۆرمەکانی ماڵیکردنەوە تاکەکان بکات بەکۆیلە، گرنگییەکی بنەڕەتیی داوە بە چەمکی"کارا".



کانت

ئەگەر مرۆڤ خواستی ئەوەی هەبوو کە دیموکراسی بێت, پێویستە وا لە سیاسەت تێبگات کە پشتیوانیکردنێکی دامەزراوەییە لە مرۆڤ, واتە لە تاك و کەمایەتی و گروپ و کۆبوونەوەی گروپەکان. یان بە ووتنێکی تر توێژە سیاسییەکان توێژگەلێکی ئامرازین خراونەتە خزمەتی شتێکی بنەڕەتی ترەوە, ئەو شتەش بەپێی پرەنسیپەکانی خۆی نەیارە بە کۆمەڵگە,و ئێمەش بەسادەیی لێرەدا پێیدەڵێین"ئازادی"

"سواریز و لاس کاز"یش کە دوو زانای لاهیکی ئیسپانی بوون لەسەرەتای مێژووی جیهانە هاوچەرخەکەی ئێستاماندا هەر ئەم شتەیان وتووە , بەڵام بە دەربڕین و وێناکردنی تەواو جیاوازەوە. کە داگیرکەرە ئیسپانەکان پەلاماری هندییەکانیان دا, ئەمان وتیان هندییەکانیش هێندەی ئیسپانەکان بوونەوەری خواوەندن و لە خەسڵەتێك بەهرەمەندن کە لە کەسێتی و کەلتوری خۆیان باڵاترە, ئەو خەسڵەتەش ئەوەیە کە هەموو خەڵك بوونەوەری خواوەندن.

بوارم بدەن بە گەڕانەوە بۆسەر خاڵی دەستپێکەکەم کۆتایی بە باسەکەم بهێنم: ئەم بیرکردنەوەیە کە بڕێکیش تیۆرییە لە مشتومڕە دامەزراوەییە سیرفەکان پتر لە واقیعی رۆژانەوە نزیکە: بۆیە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ نەتوانین بناغەگەلێکی هێندەی ئەو بناغانە پتەو بۆ دیموکراسی دابنێین کە پێشینەکانمان بۆ ئەو کاتە دایاننا کە "جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ"یان نوسی, ئەوا نە دیموکراسییەك لەئارادا دەبێت و نە ئازادییش.

سەرچاوە

La Republique des Letters
Jumannah Hedad
ماڵپەڕی (المفهوم)